# مۆبایل و چارەسەری مێشک

یوسف عوسمان
پسپۆری دەروونزانی



لەوەتەی ئەو ئامێرە داهێنراوە بە هەزاران لێکۆڵینەوە و نووسینی لەبارەوە نووسراوە لە رووی زیانەکانی و زەرەر گەیاندن بە تاک لە رووی فسیۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، جگە لە دروست کردنی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی، بەڵام بەر لە دروستکردنی مۆبایل زانایانی تەکنەلۆژیا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوون چۆن بتوانن کۆدەکانی مێشکی مرۆڤ وەربگرن و خودی شەپۆلەکان بکەنە لەرەلەری لەیەکتری گەیشتن و ئاخاوتن بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامێرێکی دەرەکی، بۆ نموونە دووکەس بە ملیۆنەها کیلۆمەتر لەیەکتری دوورن دەتوانن بەهۆی ئەو ئامێرە بچووکە قسەبکەن و وێنە و دەنگ بەکاربهێنن لە رێگای کۆدی شەپۆلەکان و بەکارهێنانی ئەلکترۆنی سەربەست لە بۆشاییدا.

زانایان بیریان لەوە کردەوە ئەم پرۆسەیە بگوازنەوە بۆ ناخی خودی مرۆڤەکە واتە مێشکی مرۆڤ هەمان خەسڵەتی فیزیایی و کیمیایی ئەو ئامێرە وەربگرێت ببێتە جێگرەوەی پەیوەندیکردن، واتە هەر کاتێک تۆ بیر لە هاورێیەکت بکەیتەوە لەهەر سوچێکی ئەو زەمینە بێت ئەوا ئەویش بیر لەتۆ دەکاتەوە دەتوانن قسە لەگەڵ یەکتری بکەن و زانیاریەکان ئاڵوگۆڕبکەن، لە هەواڵی یەکتری بپرسن تەنها کۆدی یەکتر بزانن بەبێ ئەوەی کەسی سێیەم بێتە نێو بازنەی گفتوگۆ ئەمەش لە چەند روویێکەوە سوودی زۆری هەیە وەکو سەلامەتی خودی مرۆڤەکە لەرووی فیسیۆلۆژی مێشک و سەلامەتی لە نەخۆشی و کەم خەرجی و پیس نەبوونی ژینگە و روونەدانی رووداو و کۆمەڵێک



رەهەندی دیکە، ئەم بیرکردنەوەیە ئەگەر چی ئەمڕۆ خەونە بەیانی راستییە کە هۆکارێکی سەرەکی چارەسەری دەروونی تاکە بۆ سەرجەم گرفتەکان، واتە مێشک دەبێتە گەورەترین کۆمپانیای پەیوەندیکردنی بە بێ زیان، زانایان ئەو مەترسیەیان خستە روو کە زۆر بەکارهێنانی مۆبایل لە لایەن هەندێ کەس مێشک ماندوو دەکات و خانەکانی بێ کەڵک دەبن و لەناو دەچن، رەنگە تەمەنی مێشک زۆر کەمتربێت لە تەمەنی جەستە واتە مێشک دەمرێ و جەستە هەر زیندووە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شەپۆڵەکانی مێشک زوو لەکار دەکەون لە توانای خۆیان زیاتر ماندوو دەبن. چونکە هەستیاری شەشەم کە لە زانستی دەروونی بە پاراسایکۆلۆژیاوە ناسراوە کۆمەڵێک نهێنی پەیوەندیکردنی هەیە کە تا ئێستا زۆربەیان ئاشکرا نەبووە و نەتوانراوە بە شێوەیەکی زانستی رەش نووسی ئەم لایەنە ئاشکرا بکرێت کاتێک زانایان باس لە تەلەپاسی (أیحاء)ی خودی دەکەن واتە قسەکردن لەگەڵ کەسانی وون و شاراوە یاخود شوونهەڵگر یاخود خەواندنی موگناتیسی یا قسەکردن لەگەڵ رووحدا ئەمانە کۆمەڵە فیگەرێکن دەکرێت زانایان کاری لەسەر بکەن لە حاڵەتێکی هەستەوەری شاراوە بیگۆڕن بۆ بەرجەستەبوون و پرۆسەیەکی رۆژانە.

هەر لەسەر ئەمەشدا دەرهێنەرانی سینەما فلیمێکی لەو شێوەیان دەرهێنا کە کوڕ و کچێک پەیوەندی خۆشەویستیان دەبێت، لە شوێنکی ژووانگرتندا کچەکە ئامادە نابێت بەبیانووی ئەوەی تاقیکردنەوەی هەیە بەڵام کوڕەکە دەڵێت من شارەزایی یۆگام هەیە ئەو مەشقە دەکەم تۆ لەکاتی پرسیار دابەشکردندا لە خەیاڵی خۆت پرسیارەکان بخوێنەوە و وەکو (ئیحاء) بۆمنی بنێرە، ئەمیش لەهەمان کاتدا لە ژوورێکی چۆڵ و بێ دەنگ دەبێت لەکاتی خوێندنەوەی پرسیارەکان هەمووی بەهۆی کرداری پاراسایکۆلۆژی (تەلەپاسی) وەڵامی هەموو پرسیارەکان ئەدۆزێتەوە بەهەمان کرداری تەلەپاسی رەوانەی دەکات و کچەکەش وەکو سروشت وەری دەگرێت وەڵامی راست و دروست دەنووسێ باشترین نمرە بە دەست دەهێنێت، ئەمە بەشێکە لە بایەخدانی زانایان بە نهێنییەکانی مێشک و دەرفەت وەرگرتنی بۆ بەکارهێنانی تۆڕی پەیوەندی مێشک بەپێی داتای شەپۆڵەکان.

## تەکنەلۆژیایەک دوور لە باوەڕ!

**باوکی دالیا**






دووبارە خەیاڵێکی تەکنەلۆژیای نوێ مرۆڤ بە نیازە دایبهێنێت کە باوەڕ کردنی زۆر دژوارە. بۆ نموونە لە شەقامێک پیاسە دەکەن بینایەیەک دەبینن دەتوانێ هەندێ زانیاری سەبارەت بەم بینایە بەدەست بهێنی، ئامێرەکە هەموو زانیارییەکی ئەم بینایەت پێئەدات. ئامێرەکە کە وەک پارچەیەکی شووشە وایە لە پێش بینایەکە رادەگری و ساڵی دروست بوونی، هەڵکەوتەی جوگرافی تەنانەت جۆری پێپلیکانەکەت پێدەڵێت.

ئوتۆمبێلێک دەبینی دەتەوێ چ مۆدێلێکە، نرخی چەندە، چەند رەنگی هەیە؟ ئەم ئامێرە یارمەتیتان دەدات.

ئێوە لە ئارەزوومەندانی ژینگەن، لە پارکێک پیاسە دەکەن (حەشەرەیەک) دەبینن، کە تا ئێستا نەتانبینیوە دەتانەوێ هەندێ زانیاری وەربگرن ...

بابەتەک دەخوێنیتەوە دەتەوێ سەبارەت بە وشەیەک زانیاری وەربگری دەست لەسەر وشەکە دادەنێی وئامێرەکە بە خێرایی لە ویکیپیدیا و ئەنبارەکانی تری زانیاری ماناکانتان بۆ دەردەکات.

http://fa.wordpress.com/